پایزی ئەوین

چی ئەمشەو دەمنوێنێ

چی ئەم رەشەبایە شێتە دەوەستێنێ

کێ ئەم رێبوارە دوور و خۆشەویستەم .. گل دەداتەوە ..

بە رۆح خەڵاتی دەکەم .. گەر هاتەوە ؟!

کێ دێ پایزی زەرد بوەستێنێ

هەقی گوڵا و گەڵای باخی ئەم دونیایەی .. لێبکاتەوە؟

کێیە با بێ ..

کۆش کۆش گەڵای بێناز کەوتوو .. خڕکاتەوە

قەد و باڵای رووتی درەختەکان ..

سەروملی رووت و قووتیان .. دابپۆشێ

بۆ خەم و مەرگی خەزان ..

پێکێکی رەش هەڵدا و بینۆشێ

دەسا بابێ .. ئەمشەو .. شەوی تۆرانو خەزانو بارانو مەرگە

شەوی مردنی عیشقێکی بێدەنگە

حەزێکە وەك پایز سەد و یەك رەنگە

لە کن من

هەر زەردیان رەنگی خەم و چاوەکانی قەشەنگە ..!

f

چی ئەمشەو دەمنوێنێ

کێ دێ .. ئەم دڵە هەتیوەم بگرێتە خۆی

چی هێوری دەکاتەوە ..

ئەو دڵەم هەڵەتە و کێوی ..

کێ بۆ قەفەسی سینەی سەقەتم .. دەیباتەوە ؟

ئەمشەو .. کە ئەوم لێ تۆراوە ..

بە هەموو شاعیرانی ئەم دونیایە بڵێن

شینێکی گەورەم بۆ بگێڕن

خەنەی خەم ..

بەسەر شۆخ و شەنگی شارەکەم ببەخشنەوە

کەسێ مەبوێرن

دە شینێکی گەلە گەورەم.. بۆ بگێڕن!

گەلۆ.. هۆ دۆستو خزمان..

ئەو گۆڕاوە .. زەردەپەڕی ئێوارانیش

پەلکەزێڕینەی پاش بارانیش لە من تۆراوە ..!

دە توخوا .. ئاخر گوناهە ..

بە بێچوە ماسییەکانی ئەم دەریایە بڵێن ..

سەرچاوەکان وشك دەکەن ..

ئەوسا هانا بۆ کێ دەبەن ؟!

پەیامی پرسەیەکی مەزن

بۆ هەموو باخی دونیا بنێرن..

بەهاری ئەمسالا ... ئاسمان دای ناکا ..!

ئەمە زویری تۆیە دەیبینم ..

یان مەرگی بەختی ناپوختی خۆمە.. دەیبینم

ئێوە چیتانە .. بۆ خەمی ئەم خۆرە هەڵناگرن

ئیتر بەیانی .. هەرگیز هەڵنایە

بۆ خەمی ئەم دراستانە هەڵناگرن

دوا باڵندەی تیا تەری و .. نەگەڕایەوە ..!

کێ دارستانی بێهێلانەی دیوە ..

رووباری بێ ماسی

بەهاری بێ گوڵا

خوای بێ عەرش

شاعیری بێ دڵا

کێ عاشقی بێهەنسك و بێ شعیر و .. بێ گوڵی بینیوە ؟

دەخۆ بەرد نین .. دە بجوڵێن ..

دە ئاگرێ بۆ زێستانی ئەم زستانە بکەنەوە

خۆ شارتان گۆڕستان نییە ..

پەنجەرەیەك .. بە ڕووی تروسکەی کزی ئەستێرەی تەزیوی ..

ئەمشەوم بکەنەوە ..!

چی ئەمشەو دەمنوێنێ ..!

کە سوور دەزانم لە ژێر ئاسمانی غوربەتیت ..

خەو لە چاوانت ناکەوێ ..

بانگی هەموو هەڵۆ برسییەکانی ئاسمان .. دەکەم ..

چاوە قاوەییەکانم بە وردترین دەمارەوە .. دەربێنن

ئەمشەو منالێکم ..

چیرۆکی پڕ لە جنۆکەی سەدان پیرەژن .. خەوم لێناخەن ..!

ئەمشەو .. هەرچەند دەکەم ..

ناکەومە نێو باوەشی نەرمی خەو

تەنها من و ئەستێرەکانت بێدارین

من و مۆمی ژووری ساردم

هەردوو بێعارین

هێدی هێدی دەتوێینەوە ..

نە بێزارە و .. نە بێزارم ..

سەیرکە چەندە بێبارین ..

چەند بێ عارین ..!

هەوری رەشی ئاسمانی چاوانت ..

شەویان لا خۆشەویست کردم

نەشتزانی .. ئەمشەو بۆ لێوی بەبار و وشکەوەبووت ..

هەزار و یەك جار مردم ..

ژیام و مردم ..!

لە دڵی تاوانبارم نەگەڕام .. بنوێ ئارام ..!

هەروەك مۆمێك .. دەتوامەوە و ..

بەسەر خۆما .. تك تك دەتکام !

f

دەمەتۆرێ ..با شینایی ئاسمان و دەریاکان نەگۆڕێ

دەمەتۆرێ .. با پەڕەی ناسکی ئەم رۆحە تەنکەم نەدڕێ

من دەزانم .. ئیمڕۆ .. سبەی .. یان دواتر

خەمی عیشقت ئاو لە چاوانم دەبڕێ

دەسا خوات بێ.. نەکوژێیتەوە ..!

ژوورەکەم .. سارد و تاریك و تەنهایە ..

شەو ببە فانۆسی ماڵە دەرویشێکی هەژار

لە خوا بە ئاگا و بێدار

دە داگیرسێ ..

ئەو دڵەم گەلێ تاریکە .. دە داگیرسێ ..

ئەو دڵەم گۆڕستانێکە

هەر گۆڕستانێکیش لە چرای پاکی غەوسێ دەپرسێ ..

دە داگیرسێ ..!

بۆم وەرەوە .. بۆ کوێ دەچیت ..؟

کە من کانی قەراغ دێ بم ..

بۆ لە چەمی بارانی لێڵا دەخۆیتەوە

کە من ئەمشەو خەوم نایە ..

تۆش تەنها لەگەڵا خەونێکما بۆم دێیتەوە ..

خەوم نایە ..

کەی دێیتەوە ..؟

1979